# لەمیانی یارییەکانی پاڵوتنی کیشوەری ئاسیا بۆ جامی جیهانی ٢٠١٠

## ئۆزبەکستان و بەحرێن و قەتەر توانیان بردنەوە بە دەست بێنین





***لەمیانی یارییەکانی جەولەی دووەمی قۆناغی سێیەمی یارییەکانی پاڵوتنی کیشوەری ئاسیا بۆ جامی جیهانی ٢٠١٠ کە لە باشووری ئەفریقیا ئەنجام دەدرێت کە تیاییدا چەندین یاری گرنگ ئەنجام درا کە هەڵبژاردەی عێراق تووشی شکستێکی گەورە هات لە دەرەوەی یاریگای خۆی دوای ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردەی قەتەر تووشی دۆڕان هات بە ئەنجامی ٢-٠ گۆڵ و هەروەها هەڵبژاردەی ئۆزبەکستان توانی سەرکەوتنێکی مێژووی بە دەست بێنێت دوای ئەوەی توانی بە ئەنجامی (٣-٠) گۆڵ لە هەڵبژاردەی سعودیای بباتەوە و هەروەها هەڵبژاردەی بەحرێن ئەنجامێکی چاوەروان نەکراوی بە دەست هێنا دوای ئەوەی توانی بە ئەنجامی ١ - . گۆڵ لە هەڵبژاردەی یابان بباتەوە، جێگای باسە یاریەکانی جەولەی سێیەم سەرەتای مانگی شەش ئەنجام دەدرێت ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی یارییەکانە لەگەڵ ڕیزبەندی کۆمەڵەکان.***







ئا: رێبین رەمزی

### کۆمەڵەی یەکەم
قەتەر — عێراق ٢-٠
چین — ئوستراليا ٠-٠

**یارییەکانی جەولەی سێیەم**
ئوستراليا — عێراق
قەتەر — چین

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی یەکەم**
١- ئوستراليا ٤ خاڵ
٢- قەتەر ٣ خاڵ
٣- چین ٢ خاڵ
٤- عێراق ١ خاڵ

### کۆمەڵەی دووەم
تایلاند — عومان ٠-١
بەحرێن — یابان ١-٠

**یارییەکانی جەولەی سێیەم**
یابان — عومان
تایلاند — بەحرێن

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی دووەم**
١- بەحرێن ٦ خاڵ
٢- یابان ٣ خاڵ
٣- عومان ٣ خاڵ
٤- تایلاند سفر خاڵ

### کۆمەڵەی سێیەم
کۆریای باکوور — کۆریای باشوور
سفر —سفر
تورکمانستان — ئوردن ٠-٢

**یارییەکانی جەولەی سێیەم**
کۆریا باشوور — ئوردن
تورکمانستان — کۆریای باکوور

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی سێیەم**
١- کۆریای باشوور ٤ خاڵ
٢- کۆریای باکوور ٤ خاڵ
٣- ئوردن ٣ خاڵ
٤- تورکمانستان سفر خاڵ

### کۆمەڵەی چوارەم
ئۆزبەکستان — سعودیە ٣-٠
سەنغافۆرە — لوبنان ٢-٠

**یارییەکانی جەولەی سێیەم**
سەنغافۆرە — ئۆزبەکستان
سعودیە — لوبنان

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی چوارەم**
١- ئۆزبەکستان ٦ خاڵ
٢- سەنغافۆرە ٣ خاڵ
٣- سعودیە ٣ خاڵ
٤- لوبنان سفر خاڵ

### کۆمەڵەی پێنجەم
سوریا — ئیمارات ١-١
کوێت — ئێران ٢-٢

**یارییەکانی جەولەی سێیەم**
ئێران — ئیمارات
سوریا — کوێت

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی پێنجەم**
١- ئیمارات ٤ خاڵ
٢- سوریا ٢ خاڵ
٣- ئێران ٢خاڵ
٤- کوێت ١ خاڵ

# لە بارزان یاریزانێک لە نێو یاریگادا گیان لە دەست دەدات




شەوی ٢٣_٢٠٠٨/٣/٢٤ کاتژمێر ١٠,٤٠ شەو لە کاتی ئەنجامدانی یاریی لە گۆڕەپانی چیمەنی دەست کردی بارزان (داود سلیمان عبدالرحمن) لە ناو یاریگا کەوت و گیانی لە دەستدا، چەند کەسێکی نزیك لە رووداوەکە رایانگەیاند: کە دوای تەواو بوونی گێمی یەکەمی یارییەکە تەواو کردبوو گێمی دووەم چەند چرکەیەکی تێپەڕاند یاریزانی ناوبراوە لەناوەڕاستی گورەپانی یاریدا لە ناکاو کەوت و گیانی بەخشی ئەمەش رەنگە یەکەم رووداوی لەم جۆرە بێت لە ناوچەکە و سەرتاسەری کوردستان. (داود سلێمان عەبدولرەحمان) لەسالی (١٩٨٧) لەگوندی هەمدلا ناوچەی بارزان لە دایك بووە و زۆر خولیای وەرزشی هەبوو بویە توانی لەهەموو یاریبەهێزەکان دا شوێن و پێگەی خویی نیشانی هەموو هەوادارانی بدات هەرچەندە بەتەمەن بچووك بوو، بەڵام لەبەر لێهاتوی و ژیری ئەم یاریزانە توانی جێگای خویی بکاتەوە لە تیپی لاوانی هەمدلا لەچەندین خولی بارزانی نەمر لەناوچەی بارزان بەشداری کردووە زور جار خەڵاتی باشترین یاریزانی بەدەستهێناوە، لەچالاکییە وەرزشیەکانی قوتابخانەکانی پەروەردەی مێرگەسور هەمیشە پلە و پایەی وەرگرتووە لەسەر ئاستی قوتابخانەکانی ناوچەی بارزان.

## ئایا کیشەی هەرێمی تبت دەبێتە هۆی کشاندنەوەی وەرزشوانان لە ئۆلۆمپیادی پەکین

وەزیری مافی مرۆڤی فەرەنسی لە لێدوانێکیدا سەبارەت بە بەشداریکردنی لە ئۆلۆمپیادی پەکین گوتی: گەر بێت و کارەکە وا بڕوات و بە دەستە لادارانی پەکین بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی تبت بکات ئەوە تەنیا لە رۆژی کردنەوە بەشداری دەکەم، لە لایەکی دیکەوە سارکۆزی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا گوتی: هیوادارم چینیەکان عەقل بەکار بەهێنن و بە وتووێژ کێشەی هەرێمی تبت چارەسەر بەکەن و دانووستان لەگەڵیاندا ئەنجام بدەن و هیواشی خواست کە ئەم کێشەیە نەبێتە هۆی کشانەوەی ولاتەکان لە ئۆلۆمپیادی پەکین، جاك رۆکی سەرۆکی لێژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوەکرد کە تا ئێستا هیچ ولاتێك بە فەرمی هەرەشەی کشانەوەی نەکردووە و زیاتر گوتی: وەرزش دەبێ لە سیاسەت دوور بخرێتەوە و بکرێتە وەسیلەیەك بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، رێکخراوی پزیشکانی بێ سنووری ئەڵمانیا لە بەیاننامەیەکدا داوای لە رێکخراوەکانی جیهانی کرد کە پاڵەپەستۆ بخەنە سەر چین بەوتوێژ چارسەری کێشەی تبت بکات.



## سەرۆک و راوێژکار بەشداری لە ئاهەنگی تۆپی یۆرۆی (٢٠٠٨) دەکەن




سەرۆکی نەمساوی هاترفیشەر لە پرۆپاگەندەکانی بەردەوامە بە بۆنەی مێوانداری کردنی وڵاتەکەی لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا لە تۆپی پێ بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتی سویسرا، فیشەر بەشداری لەو ئاهەنگە کرد کە تیاییدا ئەو تۆپەی لێ نمایشکرا کە لە یارییەکانی یۆرۆی (٢٠٠٨) بەکاردێت ئەمەو راوێژکاری نەمساوی ئەلفرد جۆسنباریش بەشداری لەو ئاهەنگە کرد.

## تیۆتا رووبەرووی ڤۆکس دەبێتەوە



لەمیانی پێشانگەی تۆپ جبیر کە لە بەریتانیا ئەنجامدرا توانیان یارییەکی دۆستانە لە نێوان ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای ڤۆکس ڤالگنی ئەڵمانی بە جۆری ڤۆگس و کۆمپانیای تیۆتای ژاپۆنی لە جۆری بیجۆ، ئەم یارییە بۆ خۆشی ئەنجامدرا کە تیاییدا براوەی نەبوو لە یاریگا، بەلام لە کاتی فرۆشتن سەرکەوتن بۆ ژاپۆنیەکان بوو.

# سلێمان رەمەزان راهێنەری یانەی پێرس

## داوا لە ناوبژیوانەکانی کوردستان دەکەم کە زیاتر بە خۆیان دابچنەوە و بایەخ بە خۆیان بدەن

*ماوەییەکە لەگەڵ یانەی پێرس خەریکی مەشـــق و راهێنانە و خاوەن ئەزموونێکی باشە بە یەکێك لە راهێنەرە هەرە باشەکانی کوردستان دەژمێردرێت.*

*** بۆ چی دەستت لە راهێنەرایەتی تیپی یەکەمی یانەی پێرس هەڵگرت لە خولی عێراق؟**

- ئەوەی راســـتی بێت ئەوە نزیکی دوو ساڵە دانیشتوومە، بەڵام ئەمجارە ئەرکێکی قورس کەوتە سەر شانم کە دوو تیپ بوون هەردوو تیپ لە دوو خول یارییان دەکرد، دەبوایە هەردوو تیپ ململانی بکەن لە هەردوو خولی نایابی عێراق و کوردســـتان، بەڵام من پێم باشـــتر بوو لە یەك خول راهێنەرایەتی بکەم کە ئەنجامان باشتر دەبێت.

*** بۆ چی ئاستی یانەکەتان وەکو پێویست نییە لە قۆناغی یەکەم؟**

- زیاتـــر لە ٦ تاکو ٧ یاریزان لە خولی عێراق یـــاری دەکەن نیوەی یاریزانانی تیپەکەمان لە خولی عێراق بوون نەمانتوانی یارییان پێ بکەین.

*** پێشبینی چی دەکەی بۆ ئەنجامی یانەکەتان لە قۆناغی دووەم؟**

- لە راستی ئێســـتا یاریزانەکانمان هەمووی گەراونەتەوە و ئەنجامان باشتر دەبێت و ململانی دەکەین بۆ گەیشتن بۆ سەرەوەی ریزبەندی یانەکان.

*** کێشە و گرفتتان زیاتر لە چی بەدی دەکرێت؟**

- ئێمە هیچ کێشـــەکمان نییە چونکە دەستەی کارگێری یانەکە نەیان هێشتووە هیچ کێشەمان هەبێت.

*** چی دەڵێی دەرباری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان؟**

- جێگای دەستخۆشـــین و جێگای شانازییە بۆ ئێمە چونکە رۆڵێکی کاریگەریان هەیە.

*** چ یانەیەك بە رکابەرتان دەزانن لە خولی نایابی کوردستان؟**

- یانەکانی هەولێر و دهۆك و بروسك.

*** خولی ئەمساڵی کوردستان چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ خولی پار ساڵ؟**

- ئەم ساڵ یانەکان بەهێزە و یارییەکان زیاترن و یاریزانەکان ئاستیان زۆر باشترە.

*** رات چییە بەرامبەر ناوبژیوانانی خولی کوردستان؟**


- جێگای شـــانازییە، چونکە ئاستیان باشـــە، بەڵام هەندێك هەڵەیان هەیە و داوا لە ناوبژیوانەکانی کوردســـتان دەکەم کە زیاتر بە خۆیان دابچنەوە و بایەخ بە خۆیان بدەن.



دیمانە: کارزان کانەبی

### قەیسەر لە دڵی جەماوەر ماوە

سەرەرای ئەوەی چەندین ســـاڵە وازی لە یاریکردن هێناوە و ئەو نەوەی ئێســـتا کـــە نەیاندیوە کە پێشـــتر یاریگای بە ئاســـتە بەرز و تەکنیکەکـــەی دەرازاندەوە، ئەفســـانەی ئەڵمانی فرانز پیکینپـــاوەر ئەســـتێرەی ئەســـتێرەکانی ئەڵمانیا تا ئێستا کەسایەتیەکی بەهێزی هەیە و هاندەری زۆریشـــی هەیە، لەو کاتەی قەیســـەر گەیشتە شـــاری پۆرتۆی پورتوگالی لە کاتی یاری نێـــوان شـــاڵکە و پۆرتۆ، جەمـــاوەر دەوریـــان داو بە هەزاران دەستی بۆ راکێشرا بۆ بەخێرهاتن و تەوقەکردن لەگەڵیانـــدا و وەرگرتنی واژۆ تا بۆ یادگاری لایان بمێنێتەوە، قەیسەر لە یاریگا هاتـــە دەرەوە، بەڵام لە دڵی ملیۆنەها جەماوەر ماوە.



# لە لووتکەی یارییەکانی قۆناغی هەشتی پاڵەوانیەتی یانەکانی ئەوروپا

## هەردوو یانەی رۆما و ئەرسناڵ میوانداری یانەی مانچستەر و لیڤەرپوول دەکەن









لە میانی یارییەکانی قۆناغی هەشتی خولی پاڵەوانانی ئەوروپا رۆژی سێشەممە و چوارشەممە چوار یاری یەکجار گرنگ و بەهێز بەرێوە دەچێت کە تیاییدا یانەی رۆما میوانداری یانەی مانچستەر یۆنایتد دەکات ئەم یارییە بە بەهێزترین یاری ئەم خولە دادەندرێت چونکە یانەی رۆما ئێستا گەیشتۆتە لووتکەی ئاستی خۆی دوای ئەوەی توانی لەم پاڵەوانیەتیە چەندین یانەی گەورە گەورە دەربکات وەك یانەی ریال مەدرید و هەروەها لە خولی ئیتاڵیا بە پلەی دووەم دێت و هەروەها لە نێو یاریگای خۆی لە شاری رۆما یاری دەکات کە وا چاوەروان دەکرێت جەماوەرێکی یەکجار زۆر ئامادەی ئەم یارییە بن و هەروەها تۆڵەی خۆی لە یانەی مانچستەر یۆنایتد بکاتەوە کە پار ساڵ بە ئەنجامی ٧-١ گۆڵ لە هەمان پاڵەوانیەتی لە یانەی رۆمای بردەوە لە یاریگای ئۆڵدترافۆرد لە لایەکی دیکەوە یانەی مانچستەر یۆنایتد هەوڵی بە دەست هێنانەی ئەنجامێکی باش دەدات چونکە لە دەرەوەی یاریگای خۆی یاری دەکات و هەروەها یانەی مانچستەر یۆنایتد دوای ئەوەی توانی بێتە پێشەنگی خولی ئینگڵتەرە ئێستا چاوی لە هەردوو پاڵەوانیەتی یانەکانی ئەوروپا و خولی ئینگلیزیە، لە هەمان پاڵەوانیەتی یانەی شاڵکە میوانداری یانەی بەرشلۆنە دەکات چاودێران ئەم یارییە بە یارییەکی زۆر ئاسان دادەنین بۆ یانەی بەرشلۆنە، بەڵام یانەی شاڵکە لەم یارییە تەنیا بۆ بردنەوە یاری دەکات کە لە نێو یاریگا و جەماوەری خۆی یاری دەکات و هەروەها لە خولی ئەڵمانیا ئێستا یانەی شاڵکە ئەنجامەکانی بەرەو باشی دەروات و لە هەمان کاتدا یانەی بەرشلۆنە لەم یارییە هەوڵ دەدات بەسەر کێشەکانی خۆی زاڵ بێت دوای ئەوەی لە جامی شای ئیسپانیا لە خولی پێش کۆتایی بە دەست یانەی ڤالنسیا تووشی شکست هات و هەروەها لە خولی ئیسپانیا بە پلەی دووەم دێت بۆیە لەم یارییەدا هەوڵی بە دەست هێنانی ئەنجامێکی باش دەدات بۆ ئەوەی لە یاری هاتن تووشی هیچ گرفتێك نەبێت، لە یارییەکی تردا یانەی فنەرباخچەی تورکی میوانداری یانەی چێڵسی ئینگلیزی دەکات یانەی فنەرباخچە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا توانی بگاتە ئەم قۆناغە بۆیە ئەمە بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ زیکۆی راهێنەری یانەی فنەرباخچە دەژمێردرێت و هەوڵ دەدات لەم یارییە ئاستێکی باش نیشان بدات و بگاتە قۆناغی داهاتوو جێگای باسە یانەی فنەرباخچە جەماوەرێکی یەکجار زۆری هەیە و هەروەها یانەی چێڵسی دوای ئەوەی توانی بەسەر گرفتەکانی خۆی زاڵ بێت و لە رێزبەندی خولی ئینگلیزی بێتە رێزەکانی پێشەوە بۆیە لەم یارییە هەواڵ دەدات ئەنجامێکی باش لە دەرەوەی یاریگای خۆی بە دەست بێنێت بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەبێت ئەوەی جێگای باسە ئامانجی سەرەکی یانەی چێڵسی ئەم ساڵ بە دەست هێنانی خولی پالەوانانی ئەوروپایە کە ئەمە خەونەێکی گەورەی رۆمان ئیبراهیمۆفیچی سەرۆك یانەی چێڵسیە، لە کۆتایی یارییەکاندا و لە لووتکەی یارییەکانی ئەم قۆناغە یانەی ئەرسناڵ میوانداری یانەی لیڤەرپوول دەکات، یانەی ئەرسناڵ لەم یارییەدا هەوڵ دەدات ئاستێکی باش نیشان بدات دوای ئەوەی لەم چەند یاریی دواییدا لە خولی ئینگلیزی ئاستی وەك پێویست نەبوو کە نەیتوانی پارێزگاری لە پێشەنگی خولی ئینگلیزی بکات ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی جەماوەرەکەی بۆیە لەم یارییەدا یاریزانانی یانەی ئەرسناڵ هەوڵی ئەوە دەدەن کە لەگەڵ جەماوەرەکەیان ئاشت ببنەوە و بردنەوە بە دەست بێنن، بەڵام یانەی لیڤەرپوول یەکێکە لە یانەی هەرە بەهێزکانی ئەوروپا بۆ بە دەست هێنانی ئەم پاڵەوانیەتیە یاری دەکات و چەندین یاریزانی بە توانای هەیە و هەروەها ئیسپانی رافائێل بینیتیز یەکێکە لە زیرەکترین راهێنەرانی جیهان کە دەتوانی ئەنجامی یاری بگۆرێت، جێگای باسە گشت یارییەکان کاتژمێر ١٠,٤٥ دەقە بە کاتی کوردستان ئەنجام بدرێت ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە:

**رۆژی سێشەممە**

رۆما – مانچستەر یۆنایتد

شاڵکە – بەرشلۆنە

**رۆژی چوارشەممە**

ئەرسناڵ- لیڤەرپوول

فنەرباخچە – چێڵسی

### تیپی بێکهامی ئەمەریکی

جەماوەری وەرزشی وای بۆ دەچن کە لە یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی هیچ یاریزانێك نییە تەنیا دێڤید بێکهام نەبێ، ئەمەو کۆرییەکان لە سیئۆل بە کۆمەڵ لە پێشوازی بێکهام بوون و هەموویان ئەدرێسی بەناوی دێڤید بێکهامیان لە بەرکردبوو و هەریەکە و چەپکێك گوڵیان پێشکەش کردن و بێکهام خۆشحاڵ بوو بەو پێشوازیە.



# گواســـتنەوەی زستانەی یاریزانەکانی خـــــ

ســـاڵانە لە ئەوروپا دوو جار دەرگای گواســـتنەوەی یاریزانەکان دەکرێتەوە ســـەرەتای خول و زستانە ئەمەی خوارەوەش گواستنەوەی یاریزانانـــی خولی پلـــە یەکەکانی ئیتاڵیایە کە وەرزی ئەمســـاڵ ریکۆردێکی نوێی تۆمارکرد و شێوازێکی نوێی سەبارەت بە بۆندی یاریزانان خستەروو و بەم شێوەی خوارەوەیە.

* ئەنتەر میلان

- یاریزانی هاتوو: یاریزانی گانی ( دیزمۆندنزی ) کە لە یانەی ڤیرۆنـــا بەفەرمی هاتـــە ئەنتەر میـــلان، یاریزانـــی پورتوگاڵی مانێش بە شـــێوەی خواســـتن لە یانەی ئەتلەتیکـــۆ مەدرید هاتە یانەی ئەنتەر میلان.



- یاریزانی رۆیشتوو: مەغریبی ئیبراهیـــم مەعروفی بەشـــێوەی خواســـتن چووە یانـــەی تێڤنتی هۆڵەنـــدی، یاریـــزان ئەنریکـــۆ ئەلفۆنســـۆ بەشـــێوەی خواستن چـــووە یانەی ڤینیســـیا، یاریزان گۆران سەرکۆڤۆسکی بەشێوەی خواستن چووە یانەی میدلزبەرەی ئینگلیزی.

* رۆما

- یاریزانی هاتوو: نییە.

- یاریزانی رۆیشـــتوو: فەرەنســـی ریکاردۆ دۆفاتی بەشێوەی خواستن چووە یانەی ناتی فەرەنسی و گانی سامویل کۆفۆر بەبێ بەرامبەر چووە یانەی ئەجاکس ئەمستردامی هۆڵەندی.

* یۆڤانتس



- یاریزانی هاتوو: مالی محەمەد سیسۆکۆ بە بڕی (٨،٢)ملیۆن جونیەهی ئیســـتەرلینی لە یانەی لیڤەرپوول کرا، یاریزان جولیمۆ ستیندادرۆ بەشێوەی خواستن لە یانەی لازیۆ کرا.

- یاریزانی رۆیشـــتوو: یاریزانان دۆمەنیکـــۆ دروێل ئۆلیڤێرا و ئەندرێ کۆنیاز و ســـێرجیۆ ئەلمیرۆن بەشێوەیەکی خواستن چوونە یانەکانی جەنەوا و پینارۆ ئۆرگوای و بیتویزی و مۆناکۆ، یاریزان ئالان بۆمســـۆنگ بەبڕی (٣) ملیۆن یـــۆرۆ چووە یانەی لیۆنی فەرەنسی.

* ڤیرۆنتینا

- یاریزانی هاتوو: یاریـــزان فریدریکۆ بالزاریتی بەبڕی (٣،٨) ملیۆن یۆرۆ لـــە یانەی پالێرمۆ کرا، ســـەنیگالی بابا ئەیگۆ بە گۆڕاو لەگەڵ یانەی جەنەوا و یاریزان مانوێل دی کۆســـتا چووە یانەی ئایندهۆڤن.

- یاریزانی رۆیشتوو: بەلژیکی ئەنتۆنیۆ ڤاندن یۆر گۆڕا لەگەڵ جەنەوا هەردوو یاریزان ئەرتۆرۆ لۆبۆلی بەشێوەیەکی خواستن چوونە یانەکانی تریڤیزۆ و مۆنتۆڤیا.

* ئۆدۆنیزی

- یاریزانی هاتوو: نییە

- یاریزانی رۆیشتوو: یاریزانان چیکی تۆماس سیفیك و فێرناندۆ و میشێل باولۆتچی و کریستیانۆ تیبۆنی بەشێوەی خواستن چوونە یانەکانی ســـپارتاك براگ و راپید ڤیینای نەمساوی و ئەتلەنتا و ساسۆلۆ.

* سامپەدۆریا

- یاریزانی هاتوو: ســـربی نیکۆلاجۆلان بە بڕی (٢،٥) ملیۆن یۆرۆ لە یانەی بارتیزان بلگراد کرا.

- یاریزانی رۆیشـــتوو: یاریزانان ســـلفاتۆر فوتی و فرانچیسکۆ فیدیس بەشیوەیەکی خواستن چوونە یانەکانی میسینا و بیسکارا و یاریزان رۆمانۆ بەبڕی یەك ملیۆن یۆرۆ چووە یانەی میسینا.

* جەنەوا

- یاریزانی هاتوو:هێرشـــبەری بەرازیلی ویلتـــۆن کە لە یانەی کۆرێنتیـــازی بەرازیلی بەفەرمی راگەیانـــدرا و یاریزان ماتیاس ماســـییرۆ بەهەمان شێوە لە یانەی سنترال ئیسپانیۆل ئۆرگوایانی، یاریزان ماتیۆبار لە یانەی یۆڤانتس کرا.

- یاریزانی رۆیشتوو: یاریزان ئەندریا ماسییلۆ بەشێوەی خواستن لە یانەی باری و یاریزان فرانشیسکۆ بیجا چووە یانەی بریشیا.

* پالێرمۆ

- یاریزانـــی هاتوو: یاریـــزان فریدریکـــۆ بالزاریینی لە یانەی ڤیرۆنتینا کرا.

- یاریزانی رۆیشتوو: یاریزان فرانکۆ برینتسا بەشێوەی خواستن چووە یانەی بیجینا.

* ئەی سی میلان

- یاریزانی هاتوو: یاریزان باتۆ بەشـــێوەیەکی فەرمی و بە بڕی (١٤،٦) ملیۆن یۆرۆ لە ئەنتەر ناسیۆنالی بەرازیلی کرا.

- یاریزانـــی رۆیشـــتوو: هـــەردوو یاریزان مارکۆ ســـتوراری و ئەرژەنتینی لیاندرۆ گریمی بەشێوەیەکی خواستن چوونە یانەکانی کالیاری و سپۆرتینگ لیشبۆنەی پورتوگالی.

* ناپۆلی

- یاریزانی هاتوو: یاریزان نیکۆلاس ڤارۆ و فابیانۆ سانتکرۆش و دانیال مانینی یەکەمیان لە یانەی ئەرجەنتینۆز جۆنیۆرز ئەوانی دیکەش لە یانەی بریشیا کراون.

- یاریزانی رۆیشـــتوو: یاریزان فابیۆگاتی چووە یانەی مۆدینا و یاریزان رۆبۆرتۆ دازاری چووە یانەی بریشـــیا و هەردوو یاریزان کریستیان بۆکی و بەرازیلی بیا بەشێوەی خواستن چوونە یانەکانی بۆلۆنیا و کاتانیا.

* ئەتلانتا

- یاریزانی هاتوو: میکێل باولۆتچی بەشێوەی خواستن لە یانەی ئۆدینزی و یاریزان ئیڤان رادۆڤانۆڤیچ لە یانەی بارتیزان کران.

- یاریزانی رۆیشتوو: یاریزان ریکاردۆ زامبانیا لە یانەی ڤیتشێنزا و یاریزان ئەنتۆنیۆ دا جۆســـتینۆ بەشـــێوەی خواستن چووە یانەی تریڤیزۆ و یاریزان دێڤید بریفیۆ گواسترایەوە بۆ یانەی ڤیتشێنزا.

* کاتانیا

- یاریزانی هاتوو: هەردوو یاریزان ماتیاس سیلڤسترۆ و بەرازیلی بیا بەشێوەیەکی خواستن لە یانەکانی بۆکاجۆنیرۆز و ناپۆلی چوونە یانەی کاتانیا و یاریزان بابلۆ ئەلڤارێز لە یانەی ئیستیۆدانتێســـ ئەرژەنتینی چووە یانەی کاتانیا.

- یاریزانی رۆیشـــتوو: هەردوو یاریزان ماورۆمینیلی و ئەزکوێل لاما بەشـــێوەی خواســـتن چوونە یانەکانی تریستینا ئەرژەنتینی و نیولز ئۆڵدیۆز ئەرژەنتینی.

# ـــولی یانەکانی ئیتاڵیا

* لیڤۆرنۆ
- یاریزانی هاتوو: یاریزانی بەرازیلی سیدنی بەشێوەیەکی فەرمی لە یانەی سالگۆ بڕۆی بەرازیلی هاتە یانەی لیڤۆرنۆ.
- یاریزانی ڕۆیشتوو: نییە.

* لازیۆ
- یاریزانی هاتوو: یاریزانی ڕۆمانی ســتیڤان رادۆ هێرشــبەری ئۆرلاندۆ بیانکی و عوســمان دابۆ هەردووکیان بەخواستن لە یانەی مانچستەر ســیتی هاتنە لازیۆ و یاریزان دیڤید ڕۆزنهال بەشێوەی خواستن لە یانەی نیوکاسل چووە یانەی لازیۆ.
- یاریزانی ڕۆیشتوو: یاریزان جۆلیلمۆ ستندار بەشێوەی خواستن چووە یانەی یۆڤانتس.

* پارما
- یاریزانی هاتوو: یاریزانی هێرشبەر کریستیانۆ لۆکارێلی بە بڕی (٥،٧) یۆرۆ لە یانەی شاختاری ئۆکرانی هاتە یانەی پارما.
- یاریزانی ڕۆیشــتوو: هەردوو یاریزان لبیســیۆ تۆمبیســی و جۆزیبی کاردۆنی بەشێوەیەکی خواســتن چوونە یانەکانی ئیفلینۆ و سیرینا.

* تۆرینۆ
- یاریزانی هاتوو: نییە.
- یاریزانی ڕۆیشتوو: نییە.

* سیینا
- یاریزانی هاتوو: یاریزان کریستیان ریجانۆ بەشێوەی خواستن لە یانەی لیڤانتی ئیسپانی هاتە یانەی سیینا و یاریزان ریتچارد بۆرتا کە بەشــێوەیەکی فەرمی لە یانەی ریڤەرپلێت و یاریزانی بەرازیلی ئەرتــۆر بەبێ بەرامبەر لە یانەی کرۆزێرۆی بەرازیلی هاتنە یانەی سیینا.
- یاریزانی ڕۆیشــتوو: هەردوو یاریزان دانییل کۆرفیا و لیاندرۆ جریمی بەشــێوەیەکی خواستن چوونە یانەکانی لیتچی و ئەی سی میلان.

* ریجیینا
- یاریزانی هاتوو: یاریزان ئەنتۆنیۆ ریتزۆکە بەشێوەیەکی فەرمی هاتە یانەی ریجیینا.
- یاریزانی ڕۆیشتوو: نییە.

* ئیمپۆلی
- یاریزانی هاتوو: یاریزان ئەلیســاندرۆ بۆدێل بەبێ بەرامبەر لە یانەی کالیاری هاتە ئیمپۆلی.
- یاریزانی ڕۆیشــتوو: هــەردوو یاریزانی بەرازیلــی ئیدیرۆ و فرانشیسکۆ ئۆدی بەشێوەیەکی خواستن چوونە یانەی فرۆزیتۆن.

* کالیاری
- یاریزانی هاتوو: یاریزان ئەندریا کۆزۆ بەشێوەیەکی سەربەست لە ڤیرۆنا هاتە یانەی کالیاری و یاریزان فیتۆرجۆمێز و لۆکا کابیکی بەشــێوەیەکی خواســتن لە یانەکانی ریوافی پورتوگالی و رافینا هاتنە کالیاری.
- یاریزانی ڕۆیشــتوو: یاریزان ئەلیساندرۆ بۆدیل بەبێ بەرامبەر چووە یانەی ئیمپۆلی و مارکۆ فۆرتین ئەویش بەبێ بەرامبەر چووە یانەی ڤیتشینزا و یاریزان مارۆتشۆ بەشێوەی خواستن چووە یانەی رافیینا.



## لە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان
## ئەمڕۆ و سبەی (٨) یاری گرنگ ئەنجام دەدرێ

لەمیانی جەولەی سێیەمی قۆناغی دووەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لە تۆپی پێ ئەمڕۆ و سبەی هەشت یاری گرنگ ئەنجام دەدرێ و ئەمەی خوارەوەش خشتە و شوێنی یارییەکانە و لەگەڵ ئەنجامی یاری قۆناغی یەکەم.

| | | |
|---|---|---|
| ئاسۆ – سلێمانی | یاریگای ئاسۆ | ١-١ |
| هەولێر – هەندرێن | یاریگای شەهید فرەنسۆ | ١-١ |
| پێرس – سیروانی نوێ | یاریگای پێرس | سفر – سفر |
| کەرکوك – زاخۆ | یاریگای کەرکوك | ١-٠ |
| دهۆك – هەڵۆ | یاریگای دهۆك | ٥-٢ |
| پێشکەوتن – ئارارات | یاریگای شەهیدان | ١-١ |
| پێشمەرگەی سلێمانی – ئەزمەر | یاریگای سیروانی نوێ | ١-٠ |
| بروسك – پێشمەرگەی هەولێر | یاریگای بروسك | ٢-٠ |

ئەمەو ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی داهاتووش هەشت یاری دیکە لەمیانی جەولەی چوارەمی قۆناغی دووەم ئەنجام دەدرێ و بەم شێوەی خوارەوەیە

| | | |
|---|---|---|
| هەولێر – ئاسۆ | یاریگای شەهید فرەنسۆ | ١-١ |
| سلێمانی – پێرس | یاریگای سلێمانی | ١-١ |
| هەندرێن – کەرکووك | یاریگای شەهید فرانسۆ دوو | ٠-٢ |
| سیروانی نوێ – دهۆك | یاریگای سیروانی نوێ | ١-٠ |
| زاخۆ – پێشکەوتن | یاریگای زاخۆ | ٢-٢ |
| هەڵۆ – پێشمەرگەی سلێمانی | یاریگای هەڵۆ | ١-٥ |
| ئارارات – بروسك | یاریگای ئارارت | ٢-٢ |
| پێشمەرگەی هەولێر – ئەزمەر | پێشمەرگەی هەولێر | سفر – سفر |

ئەمەو گشت یارییەکان کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێ.



## لە پاڵەوانیەتی تۆپی زەرد کچان و کوڕانی سڕبیا نازناوی ئەندیانا وێڵس دەبەنەوە

یاریزانی تێنسی سەر زەوی ســڕبی میکۆڤیــچ توانی نازناوی گــەورەی ئەندیانیا وێڵســی ئەمەریکی لە یاری تێنسی سەر زەوی، کە یەکەم پاڵەوانیەتی ماستەرزە کە لە نۆ پاڵەوانیەتی پێك دێت دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی و بە ئەنجامــی (٢-١) کۆمەڵە لە ئەمەریکی مارك فیشــی بردەوە، میکۆڤیچ کە سێیەمی ریزبەندی گشتیە توانی پێش یاری کۆتایی لە مەتادۆری ئیســپانی نــادال بباتەوە و ئەنجامــی یارییەکــەش بەم شێوەیە بوو ( ٦-٢، ٥-٧، ٦-٣ ) کۆمەڵە بوو، لە لایەکی دیکەوە و لەســەر ئاســتی ئافرەتانیش کچــە یاریزانی سڕبی ئەنا ئیڤانۆڤیچ توانی هەمان نازنــاو بباتەوە دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی توانی لــە کچە یاریزانی ڕووســی ڤیلانا کۆزۆســنتۆڤا بباتەوە بە ئەنجامــی دوو کۆمەڵەی بــێ بەرامبــەر و ئەنجامی کۆمەڵەکانیش بەم شێوەیە بوو ( ٦-٤، ٦-٣ ) و یارییەکەش (١،٢٠) کاتژمێــری خایاند بەم شــێوەیە ئەمە یەکەمین نازنــاوی ئــەم یاریزانەیە لە وەرزی ئەمساڵ.